کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:15 14-11-2007

## ئەزمون و مەترسی ... عەزیز رەئووف

ماوەیەکە ئەزموونی کوردی لە کوردستانی عیراق کەوتۆتە بەر مەترسی لێدانی ئۆپراسۆنی



تورکەکانەوە. هەر چەندە ئەمە یەکەمجار نیە لەماوەی 16 ساڵی رابردووی دەسەڵاتی کوردیدا کە ئەزمونەکەمان دەکەوێتە بەردەم هەڕەشی دەوڵەتانی دراوسێوە، بەڵام ناتوانین ئەوە بشارینەوە کە هیچ کاتێك بارتەقای ئێستا ئەزموونی ئێمە نەکەوتۆتە بەردەم مەترسیەوە.

مەترسی ئەزموونی ئێمە بەر لە هەر شت پەیوەندی بە کەمایەتی "minority" ئێمەوە هەیە لەنێو گەلان و وڵاتانی ناوچەکەدا. کەمایەتیبوونمان خەسڵەتێکە کە هەمیشە باجەکەیمان داوە و پێدەچێت ئەم جارەش باجەکەی بدەین. مەترسی دۆڕاندنی ئەزموونی ئێمە چەندە پەیوەندی بە کەمایەتیمانەوە هەیە هێندەش پەیوەندی بە ناجێگری سیاسەتی زلهێزەکانی جیهانەوە هەیە بەرامبەر بە دۆزی کورد. ئێمە چەندە مەترسیمان لەوە هەیە کە ناتوانین بە چەك شەڕی سوپایەکی زلهێزی وەك تورکیا بکەین هێندەش قەلەقین بەوەی کە ئەم جارەش وەك چەندین جاری تر ئەزموونی ئێمە بکەوێتە بەردەم سیاسەتی زلهێزەکان و کورد بکەنە کارتێکی رێکەوتنی وڵاتانی دراوسی، وەك ئەزموونی ساڵی 1975 کە ئەمریکا پشتی کردە کوردەکان و بەمەش ئەو ئەزموونەی کە کوردەکان لە بەیانی 11ی ئازاری 1970دا بەدەستی هێنا، لەماوەی چەندرۆژێکدا لەناوچوو.

کە دەڵێم ئەزموونی کوردی لە هەرێمی کوردستان لە مەترسیدایە، مەبەستمە ئەوە بڵێم کە تورکیا داوای سەرکردەکانی کوردستانی عیراق دەکات، ئەو سەرکردانەی کە دوور و نزیك پەیوەنیان بە پەکەکەوە نیە. نیەتی تورك ئەمجارە و ئاگاداربوونی ئەمریکیەکان لە زۆرێك لە ئۆپراسیۆن و جموجوڵەکان و رەوابوونی داواکاریەکانی تورك لای ئەمریکیەکان، ئەو زەنگە ترسناکانەن کە سیاسەتکارانی کورد کەم تا زۆر پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکەن.

لە ئەجێندای تورکەکاندا زیاد لە پرۆژەیەك هەیە. ئۆپراسیۆنی ئەمجارەیان تەنها بۆچوونی سوپای تورکیا نیە. پەرلەمان کە خەڵك هەڵیبژاردوون دەنگیان بە ئۆپراسیۆن داوە. ئەوەی لەسەر ئاستی تورکیادا بەدی دەکرێت، زمانی میدیای تورکییە سەبارەت بە کوردستانی عیراق و ئەزموونەکەمان. ئەوەی بۆ چرکەساتێك میدیای تورکی و رۆژنامەو سایەکانیان بخوێنێتەوە هەست بەو راستیە دەکات کە ئەم میدیایە تەواو بۆچوونی لەگەڵ سوپا و سیاسەتمەدارانی ئەو وڵاتەدایە. میدیایەك شکنابەین لە ناوچەکەدا بارتەقای میدیای تورکی لەبەرژەوەندی دەسەڵات و سوپای ئەو وڵاتەدا خرابێتە گەڕ. نوسەرانی تورك" ئیسماعیل بێشکچی و هەندێکی تریانی لێدەرچی" بۆچوونیان بەرامبەر بە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و دەسەڵاتی کوردستانی باشور هیچ جیاوازیەکی نیە لە بۆچوونی جەنەراڵەکان. ئەمە بەو مانایە نیە کە بمەوێ بۆچوونی کورد بەرامبەر بە تورکەکان بوروژێنم، نەخێر، ئەوە راستیەکە و هەرکەسێك دەیەوێت بەو راستیە ئاشنابێت با چاوێك بە سایتە تورکیەکاندا بگێرێت و بۆچوونی نوسەرانی تورکی بۆ دەربکەوێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:15 14-11-2007

کە دەڵێم ئەزموونی ئێمە لەبەردەم مەترسیدایە، مەبەستم تەنها ئۆپراسیۆنی تورکەکان نیە بۆسەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو گەرەکمە ئەوە بڵێم کە نیەتی دەوڵەتانی دراوسێی وەك و ئێران و سوریا و برا عەرەبەکانمان لە ناوەڕاست و باشوری عیراق نیەتێکە کە تەواو شایەنی گومانە. وەزیری دەرەوەی ئێران داوا دەکات کە مادەی 140ی تایبەت بە ئاسایکردنەوەی کەرکوك بۆ دوو ساڵی تر دوا بخرێت. ئەمەش خۆیلەخۆیدا بەو مانایە دێت کە ئێران ترسی هەیە کە شاری کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و کوردەکان لە باکوری عیراق دەسەڵاتێکی سەربەخۆ ڕابگەیەنن. ئەگینا جێبەجێکردن یان نەکردنی مادەیەکی دەستوری هەمیشەیی عیراق چ پەیوەندیەکی بە ئێرانەوە هەیە، لە کاتێکدا کێشەی کەرکوك کێشەیەکی ناوخۆیی عیراقە؟

سوریا و سەرکردایەتیەکەی بەی ئاشکرا نایشارێتەوە کە لەگەڵ ئۆپراسیۆنی سەربازیدایە بۆسەر هەرێمی کوردستان و تەنانەت لە قسەکانی بەشار ئەسەددا ئەو نیەتە ناشاردرێتەوە و پشتیوانی خۆی بۆ سەرکردایەتی تورك دەردەبڕێت.

سەرباری ئەم هەڕەشە و نیەتە ناتەندروستانەی دەوڵەتانی دراوسی، کەچی عەرەبەکانمان لە باشور و ناوەڕاستی عیراق هیچ هەڵویستێك دەرنابڕن و نیگەران نین لە دەستوەردانە خاکی کوردستانی عیراقەوە و تا ئیستاش هیچ گروپ و هێزێکی عیراقی جگە لە کوردەکان شکنابەین کە هەڵویستێکی توند دەربڕن بەرامبەر بە هەر مەترسیەك کە خاکی کوردستانی عیراق بگرێتەوە.

بەهەر حاڵ، ئیستا و لەم ئان و ساتەدا ئەزموونی ئێمە لەبردەم هەڕەشە و مەترسی زلهێزەکانی ناوچەکەدایە. سەرکردایەتی سیاسی لە بەغدا بەر لە هەر شت دەبێت هەوڵی ئەوە بدات کە ئەزموونی کوردی و پێشێلکردنی خاکی کوردستانی عیراق لەلایەن تورکەکانەوە بە پێشێلکردنێکی خاکی عیراق لەقەلەم بدات و بۆچوونی سەرکردایەتی سیاسی عەرەب بگۆڕێت بەرامبەر بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان، کە ئەزموونێکە بۆ چرکەساتێکیش نەیویستووە لە عیراق جودا ببێتەوە. مادام لە عیراق جودانابینەوە و خۆمان بە بەشێك لە خاکی عیراق دەزانین، کەواتە دەبێت هەر مەترسیەك ئەزمونەکەمان بگرێتەوە، دەبێت عیراقیەکان بە گشتی بەرپرسیار بن لێی. ئەگینا ترسناکە هێزگەلی ناوچەکە بەبەرچاوی پەرلەمانی عیراق و کوردستانەوە بێنە ناو خاکی عیراقەوە و قەلەق نەبین بەوەی کە ئەزموونەکەمان لەبەردەم مەترسی دۆڕان یاخود تێکشکاندایە.

Azizrauf2003@yahoo.com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.